سەيد حەكيم: پاشەكشەى بەرهەم هێنانى نەوت و هەناردەى نەوت ڕكا بەريي□ و □ه□لێكە بۆ دووبارە بنياتنانى ئابوورى

لەميوانخانەى شێخ عەلى ئاغا عوزێرى، بەڕێز سەماحەتى سەيد حەكيم، سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت، چاوى بەك□م□□□□ك شێخ و پياوە ديارەكانى شارى هەولێر كەوت، سەرەتا پيرۆزبايى هاتنى لەدايك بوونى پێغەمبەرى پيرۆزى لێكردن و ئاماژەى كرد كە كاريگەرى ئەخلاقى ژيانامەى پێغەمبەر (د خ) لەسەر بێت هەميشە كەسێكى سادە و بێ فيزبووە.

سەماحەتى گوتيشى كە سەردانەكەى بۆ هەرێمى كوردستان بەمەبەستى پتەوكردنى پەيوەندييە لەگەڵ گەلى كوردستان و وەبيرهێنانەوەى ئەو پەيوەندييە مێژووييەيە گە لەسەردەمى ئيمام موحسين حەكيم سەرى هەڵدا و گوتيشى ئەو پەيوەندييە دەبێت وەك ميراتێك بۆ نەوەكانى داهاتوو بمێنێتەوە.

سەماحەتى ئاماژەى كرد كە ئەو ڕكابەرييانيە ئێستا ڕووبەڕووى عێراق بوەتەوە كە خۆى لە قەيرانى ئابوورى دەبينێتەوە بەهۆى پاشەكشەى بەرهەم هێنانى نەوت و هەناردە كردنى و ڕوونيكردەوە كە ئەو ڕكابەريانە هەلێكە چانسى زۆرى تێدايە بۆ ئەوەى بكرێتە چيڕۆكى سەركەوتن ..